Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

## پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە مانگی مارسی ساڵی 2013 لە کوردستان

**لە زنجیرە ئۆپاسیۆنێکی هێزە ئەمنیەکاندا لە مانگی مارس دا لانیکەم 31 چالاکڤانی مەدەنی و سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەسەرکراون.**

### کۆڵبەران

**کاربەدەستێکی باڵای رژێمی ئێران :کۆمەڵکوژ کردنی کۆلبەران رەوایە**

رۆژانە کۆلبەران و کاسبکارانی کورد بەهۆی نەبوونی کار و پیشە و دابین نەکردنی پێدوایستیە سەرەکیەکانی ژیانیان، لەلایەن رژێمی ئێرانەوە خەڵک ناچاری کۆلبەری لەسەر سنوورەکان دەکەن و بەدەستی هێزەکانی سوپای پاسداران دەکرێنە ئامانج و کۆمەڵکوژ دەکرێن، فەرماندەی هێزە ئەمنیەکانی رژێم رایگەیاند: "ئەمرۆ لەژێر سایەی بەرەکەتی کۆنترۆلی توندی سنوورەکان دەتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم، هیچ ناوچەیەک نییە لەوڵاتدا هێلانەی ئاژاوەگێڕ و تیرۆریست بێت" .

لەکاتێکدا کوشتنی کۆلبەران و کاسبکارانی کورد لەسەر سنوورەکان یەکێکە لەگەورەترین کۆمەڵکوژیەکان، کە هاوکاتە لەگەڵ لەسێدارەدانی چالاکوانان و گەنجانی تازەپێگەیشتووی وڵات .

فەرماندارى هێزە ئەمینەکانی ناوخۆی ئێران (ئیسماعیل ئەحمەدی مۆقەدەم ) لە کۆبوونەوەی هێزەکانی سنووردا رایگەیاند: " کارێکی زۆرمان لەم ناوچە سنووریانەدا ئەنجام داوە، بەڵام هێشتا لەسەرەتای رێداین و پێویستە کارێکی زۆرتر ئەنجام بدرێت" . ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو کاربەدەستەی ئێران بانگەشە دەکات هیچ ناوچەیەکی سەر سنوور نەماوە کە لەژێر کونترۆلی رژێمدا نەبێت .

لەکاتێکدا رۆژانە پاسەوانان و هێزە چەکدارە نادیارەکانی رژێم لە سەر سنوور کۆڵبەر و کاسبکارانی کورد کۆمەڵکوژ دەکەن و رەنجەکانیان بە تاڵان دەبەن، ئەحمەدی موقەدەم بانگەشە دەکات: "شوێنپەنجەی کاروباری هێزەکانمان لەناوچە سنوورییەکانی وەکوو پارێزگاکانی؛ سیستان و بلوچستان، خوراسانی باکوور و باشوور، ئازەربایجانی رۆژئاوا و شار و پارێزگاکانی دیکە بەروونی دەبیندرێت" . بەڵام ناوبراو بە بچوکترین دەستەواژە ئاماژەی بەکوشتنی کۆلبەرانی کورد ناکات و ناڵێت کە چۆن و بەچ رێبازێکی دڕندانەو توند و تۆڵەوە ناوچەسنووریەکان کۆنترۆڵ دەکەن .

ئەحمەدی موقەدەم دان بەوەدا دەنێت کە لە (12 ـ 13 ) ساڵی رابردوو بەهۆی لاوازی لەکۆنترۆڵ کردنی ناوچە سنوورییەکاندا، گرووپە چەکدارەکان بەقەنناس و دۆشکە ماددەی هۆشبەریان تا دەوروبەری تاران هێناوە .

موقەدەم بێ ئەوەی ئاماژە بە کومەڵکوژکردنی کوردەکان لەناوچە سنووریەکاندا بکات، کردەوەکانی سوپای پاسداران بەرز دەنرخێنێت و پێهەڵدان و ستایشیان دەکات. لەکاتێکیشدا PJAK لەماوەی رابردوودا هیچ چالاکیەکی چەکدارییانەی نەبووە، ئەو فەرماندارەی رژێمی ئێران بۆ رەواکردنی کۆمەڵکوژییەکانی دەستی سوپای پاسداران دەڵێت : " نابێت خزمەتگوزارییەکانی سوپای پاسداران لەبەر چاو نەگرین بۆ بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ئاژاوەگێڕان و تیرۆریستەکانی PJAK لە ئازەربایجانی رۆژئاوا " .(موکران نیوز)

**هێزەکانی پاسداران لەسەر سنووری نێوان باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک وڵاغداریان دایە بەردەستڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا یەکێک لە کاسبکارەکان بەسەختی بریندار دەبێت و هاوکات (5) وڵاغیش دەکوژرێن .**

بەپێی ئەو زانیارییانەی پەیامنێری ANF لە ناوچەکەوە پێ راگەیاندین هێزێکی زۆری پاسدار لەسەر سنووری رۆژهەڵات ـ باشور لە گوندی بێتووش ی سەر بە شاری سەردەشت، لە بۆسەیەکدا هێرش دەکەنە سەر کاسبکارانی کورد و لە ئەنجامدا کەسێک بەناوی نەوزاد محەمەد سەعید بە سەختی بریندار دەکەن .

زانرا ) نەوزاد محەمەد سەعید ( تەمەن (22)ساڵ و باوکی منداڵێک، لە رێگای نەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دەدات . شایانی باسە لەو هێرشەدا (5) وڵاغ دەکوژن و بەشێکی زۆری بارەکانیان دەسووتێنن.

**بە هۆی تەقینەوەی مینێکەوە لەسەر سنوری رۆژهەڵات و باشوری کوردستان کاروانچییەک دەبێتە قوربانی.**

سەردەشت 07.03.2013

لە سنورە کوێستانیەکانی ( بازێری ) سەر بە قەلەرەشێی شاری سەردەشت مینێکی سەردەمی شەڕی ئێران و ئێراق بە وڵاغی یەکێک لە کاروانچییەکاندا بەناوی ( عەبدوڵلا سەرە ) دەتەقێتەوە و وێرای کوژرانی وڵاغەکە پارچەکانی مینەکە بەر کاروانچییەکە دەکەوێ و زۆر بە سەختی بریندار دەبێ.

چەترپریس لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە کە کاروانچییە برینداەرکە بەمەبەستی چارەسەری بۆ نە خۆشخانەی قەڵادزێ گواستراوەتەوە. سەرچاوە هەرێمییەکان رایانگەیاندووە کە سەرەڕای ئەوەی جەستەی بە سەختی بریندارە و پارچەی مینەکەی زۆر بەرکەوتوون، ئەوە ئەگەری لەدەستدانی چاوەکانیشی هەیە .

عەبدوڵلا سەرە خەڵکی گوندی "بێوران"ی سەر بە شاری سەردەشتە و بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانی،ماڵەکەی بۆ گوندی قەلەڕەشێ گواستۆتەوە و زانرا کە خاوەن دوو منداڵە .

جێی ئاماژەیە بە درێژای سنوری رۆژهەڵات و باشوری کوردستان دوڵبەدوڵ و گردبەگرد مین گوزاری کراوە و مینەکان بۆ شەڕی ئێران و ئێراق دەگەڕێتەوە و کۆماری ئیسلامیش لە چوارچێوەی پاراستنی سنورەکان دیسان مینی تریشی چاندۆتەوە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر کاسبکار دەبنە قوربانی.

پێویستە باس لەوەش بکرێت جگە لە مەترسی مین ئەوە کاروانچییەکان زۆربەی شەوان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان و وڵاغەکانیان گولەباران دەکرێن و کەلاکی سەدان وڵاغی

کاروانچییان لە سەر کانی و دوڵەکانی سنور کەوتووە و ئاو و ژینگەی ئەم سنورانەی تێکداوە و لە گەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی بەهار ئەوە بۆنی کەلاکەکان بە گوندەکاندا بڵاو دەبێتەوە. وێنەی هە رە بەرچاوی کۆژرانی وڵاغی کاروانچیان بەم نزیکانە، کوشتنی (47) وڵاغی کاروانچییان دۆڵەگە رم بوو.

**فەرماندەی هێزە ئەمنیەکانی بۆکان دۆزینەوەی تەقەمەنی بە کارنەهێنراوی لەو شارەدا پشتراست کردەوە**

سەهەنگ "فەتاح بابانەژاد" باسی لە دۆزینەوەی فیشەکی نەتەقێنراو کرد کە لەناو کەل و پەلی کۆنە فرۆشانەوە دۆزراوەتەوە. بە وتەی ناوبراو ڕێژەیەکی بەرچاو لەو لەو فیشەک و تەقەمەنیانە دۆزراوەتەوە.
شایانی باسە سالانە گەنجان و منالان دەبنە قوربانی پاشماوەی فیشەک و تەقەمەنی و مین کە لەلایەن کاربەدەستانەوە هیچ هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەیان نادرێ.(موکریان)

## گرتن

**شاڵاوی نوێ دەستبەسەر کردنی چالاکوانانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە ( 3 ) . هاوڵاتی و چالاکڤانی کورد، خەڵکی شاری دێهگولان لەلایەن هێزە ئەمینەکانی رژێمی ئێران دەستبەسەر کران.**

بەپێی هەواڵی ئەندامی کەمپەینی پشتیوانی لەزیندانیانی سیاسی و مەدەنی لەبەردەوامی شاڵاوی نوێ دەستبەسەر کراوەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژی رابردوو 3 چالاکڤانی دیکە بەناوەکانی سەعەدی حسێن پەناهی خەڵکی گوندی قوروچای، نعمەت و شەمسولا نادری خەلی گوندی کرونان سەر بەشارستانی دێهگولان لەپارێزگای سنە، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرکران.

**رژێمی ئێران ژمارەیەکی تر رۆژنامەنووسانی رۆژهەڵاتی کوردستانی دەستبەسەر کرد**

رژێمی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی بە شاڵاوێکی نوێی دەستبەسەرکردنی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی بواری ڕاگەیاند کردەوە و لەو چوارچێوەیەدا، چەندین کەسایەتی ناسراو لە شارەکانی بۆکان، و پاوە دەستبەسەر کراون.

بە گوێرەی زانیارییەکان ( کەیهان عەزیزی و داود غەفاری ) دوو چالاکی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی شاری پاوە و ئەندامانی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی شارەکە لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری پاوەوە بانگهێشت و دەستبەسەر کراون.

ئەو دوو چالاکە فەرهەنگییە بە تۆمەتی بێ ڕێزی کردن بە ئیمام جومعەی شاری پاوە کە هاوکات نوێنەری "وەلی فەقیهـ"ـە دەستبەسەر کراون .

لەلایەکی ترەوە ( قاسم ئەحمەدی ) بەرپرسی پێشووی وەرزنامەی ڕۆژەڤ و ( خوسرەو کوردپور )، سەرنووسەری ئاژانسی هەواڵدەری موکریان لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی ئێرانەوە دەستبە سەر کراون.

شایانی باسە وەرزنامەی سیاسی ، کۆمەلایەتی ڕۆژەڤ، لە لایەن خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران دەردەکرا و دوای دەرکردنی 13 ژمارەی ئەو وەرزنامەیە ساڵی 2012 داخرا.

تا ئێستا سەبارەت بە دادگاییکردن و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسانە بەفەرمی هیچ شتێک رانەگەیەندراوە .

**چوار لە چالاکانی خوێندکاری مەریوانی گوازرانەوە بۆ گرتووخانەی ناوەندی ئەو شارە**

پێنجشەممە 10 ی ڕەشەمە سۆران دانشوەر، داود قاسمی، موحەممەد کۆنەپووشی و سامان موحەممەدی لە ژوورەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گوازرانەوە بۆ گرتووخانەی شاری مەریوان. تا ئێستا هۆکاری دەستبەسەرکردنی ئەو چالاکانە تا ئێستا رانەگەیێندراوە.

**زیندانییەکی سیاسی کوردی ژێر پەتی سێدارە لە تاران بێ سەروشوێن دەکرێت**
تاران 04.03.2013
زیندانییەکی سیاسی کورد لە زیندانی ئەوینی تاران کە سزای سێدارەی بەسەردا سەپێندراوە، ماوەی دوو رۆژە بێ سەرووشوێنە . لەو بارەیەوە ماڵپەڕی هرانا بڵاوی کردەوە کە زیندانییەکی سیاسی کورد بەناوی ( هۆشەنگ رەزایی ) کە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حزبە نەیارەکانی رژێمدا، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرابوو، لە زیندانی رەجایی شەهری کەرەج لەژێر پەتی سێدارە بەندکرابوو ماوەی دوو رۆژە راگوازراوە بۆ شوێنێکی نادیار .
ئەو سەرچاوە ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە ئەو کەسە دوای راگرتنی بۆ ماوەی (6) مانگ لە ژووری تاکەکەسی بەندی (209) زیندانی ئەوین، راگوازراوە بۆ زیندانی رەجایی شەهری کەرەج و لە کاتی دادگایی کردنیدا بێبەش بووە لە مافی هەبوونی پارێزەر و لە ئێستاشدا راگوازراوە بۆ شوێنێکی نادیار .جێگای باسە بنەماڵەی ئەو گیراوە کوردە بە هۆی تەمەنی زۆر و بە سالاچوییدا ناتوانن بەدواداچون بۆ چارەنوسی رۆلەکەیان بکەن.
**خوێندکارانی خەڵکی مەریوان کە ماوەیەک لەمەوبەر دەستبەسەر کرابوون بە بارمتەی قورس ئازاد کران**
داود قاسمی، خالد ئەحمەدی، سامان مەحمودی، سۆران دانشوەر کە پێشتر دەستبەسر کرابوون بە دانانی بارمتەی قورس ئازاد کران.
**دوو چالاکی فەرهەنگی لە پاوە دەستبەسەر کران**
کەیهان عەزیزی و داود غەفاری لە لایە ئیتلاعاتی شاری پاوە دەستگیر کران. ناوبراوان بە هۆی نوسینی ئافیشی سەرەخۆشی بە زمانی کوردی گیراون.(هرانا)
**خسرو کوردپوور بەڕێوەبەری ئاژانسی موکریان نیوز و قاسم ئەحمدی سەرنووسەری گۆڤاری رۆژەڤ 17 رەشەمە لە مهاباد دەستبەسەر کران.**
مەسعود کوردپوور بە بی بی سی راگەیاند کە ئیتلاعاتی مهاباد براکەی ئەویان بە حوکمی دادگا دەستبەسەر کردوە و کامپیوتێر و کەل و پەلی شەخسی ئەویان بردوە. بە وتەی ناوبراو بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر بارودۆخی زیندانیان هۆکاری دەستبەسەرکردنی خوسرەو کوردپوورە .
قاسم ئەحمەدیش کە سەرنووسەری گۆڤاری خوێندکاریی "رۆژە"یە دەستبەسەرکراوە و گۆڤارەکەشی پاش دەرچوونی 13 ژمارە لە لایەن کۆمیتەی ئینزباتی زانکۆی تاران داخستراوە.
دوو هاوڵاتی کوردی دانیشتوی گوندی بروشخواران سەر بە سەلماس بەناوەکانی (عەلائەدین عەبدوللا زادەو فارس عەبدوللا زادە) بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەکە کران .

بەپێی زانیارییەکان (عەلائەدین عەبدوللا زادە) کوڕی (محەمەد) و (فارس عەبدوللا زادە) کوڕی (عەبدوللا) خەڵکی گوندی (بروشخواران) بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات دەکرێن و پاش چەند کاتژمێر راگرتنیان لەئیدارەی ئیتلاعاتی شارەکە خراونەتە ژێر لێپرسینەوە .
راگەیەندراوە لەچەند مانگی رابردوو عەلائەدین عەبدوللا زادە گەلێک جار بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ پارتێکی کورد دژی دەوڵەت بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەکە کراوەو خراوەتە ژێر لێپرسینەوە .
شایانی باسە پێشتریش کوڕی عەلائەدین لەساڵی 1385ی هەتاوی بەناوی (سەمەد عەبدوللا زادە )، (18) ساڵ بەهۆکاری تەقەکردنی هێزەکانی ئەمنی بەسەختی بریندار کراوە .

**دەستبەسەر کردنی 5 چالاکی کرێکاری لە سنە**
بە پێی هەواڵی ماڵپەری کۆمیتەی هاوئاهەنگی رێکخراوە کرێکاریەکان و بە گێڕانەوە لە هرانا 5 چالاکی کرێکاری 17رەشەمە هێرش دەکرێتە سەر ماڵەکانیان و دەستگیر دەکرێن.
**8کەسی دیکە لەپاوە دەستبەسەر و زیندانی کران**
**13.03.2013**
شاڵاوی نوێ دەستبەسەر کردنی گیروانی سیاسی و مەدەنی کورد لە لایەن رژیمی ئێرانەوە بەردەوامە و تا دەچێت رێژەی دەستبەسەر کراوەکان زیاتر دەبێت، لەشاری پاوە ( 8 ) کەسی دیکە دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کران.
دەستبەسەر کردنی رۆژنامەوانان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد لە لایەن رژیمی ئێرانەوە بەردەوامە .لەشاری پاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان ( 8 ) کەسی دیکە دەستبەسەر کران. سەر لەبەیانی دوێنێ گۆران بەهرامی و 7 کەسی تر کە ناوەکانیان تا ئێستا نەزانداراوە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی رژێمەوە دەستبەسەر کران، بەپێ زانیارییەکان تا ئێستا هۆکاری دەستبەسەر کردنی ئەو کەسانە نەزانراوە.
شایانی باسە لە ماوەی ( 2 ) هەفتەی رابردوودا نزیکەی ( 20 ) کەس لەدانیشتوانی شاری پاوە دەستبەسەر کراون بەڵام بە هۆی بارودۆخی میلیتیاریزە کراوی ئەو شارە و رەوشی ئەمنیەتی سەپێندراو، هەواڵی دەستبەسەر کردنەکان لە مێدیاکان دا زۆر بە کەمی دەنگی داوەتەوە.
**هێزەکانی ئیتڵاعاتی ئێران کەسێکی تەمەن (108) ساڵ دەخەنە زیندانەوە**
لە ناوچەیەکی سەر بە شاری ماکۆی رۆژهەڵاتی کوردستان هێزەکانی ئیتڵاعاتی ئێران بۆ جاری دووەم پیاوێکی بەساڵاچوو دەگرن و دەیخەنە زیندانەوە .
لە گوندی زالکای سەر بە شاری ماکۆ هێزەکانی ئیتڵاعاتی ئێرانی بە تۆمەتی کاری سیاسی، پیاوێکی بەساڵاچووی تەمەن (108) ساڵ بەناوی ) حاجی عەلی چیلان ی کوڕی گیلۆ ماوەی (45) رۆژە دەست بەسەر کراوە .
بەپێی ئەو زانیارییانەی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەست ANF کەوتوون حاجی عەلی چیلان بەر لە (7) ساڵ بە هەمان تۆمەت دەستگیر و زیندانی دەکرێت و سزای (8) ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت، پاش دوو ساڵ مانەوەی لە زیندان، بەهۆی نەخۆشی و پیرییەوە ئازاد دەکرێت .
**شەریف ساعد پەناهی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای کرێکاران دەستبەسەرکرا**
20 رەشەممە کاتێک ساعد پەناهی لە کار گەڕابۆوە و لە ماڵی خۆی بوو کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ لە ماڵی خۆی دەستبەسەر کرا و ماڵەکەشی پشکێنرا.
**دوو چالاکی مەدەنی لە تیکاب دەستبەسەرکران**

عەلی هیدایەتی و یەدوڵڵا دەشتی لە چالاکانێ مەدەنی شاری تکاب دوای پشکنینی ماڵ و دوکانەکانیان و دەستبەسەرداگرتنی کتێبە ئازەریەکان و کامپیوتێرەکانیان دەستبەسەرکران. (هرانا)

## سزا

**عەلی ئەحمەد سولەیمان زیندانی سیاسی سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپا**

عەلی ئەحمەد سولەیمان زیندانی سیاسی خەڵکی باشووری کوردستان لە دوهەمین دادگایی دا حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپا. نابراو بە تاوانی کوشتنی دوو ئەندامی سوپای پاسداران مەحکوم کراوە، لە حاڵێکدا هیچ ئیعترافێکی بەو کارە نەکردوە.

**سزای لە سێدارەدان بۆ تۆمەتبارانی کوشتنی سەر شەقام بەڕێوەچوو**

دادوەر فەرەیدوون حەمیرئابادی لە پەراوێزی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی پەروەندەی ناسراو بە کوشتنی خیابانی رایگەیاند کە حوکمەکان ئامادە و لەوانەیە لە قۆناغی تایۆکردن دابن.

**کەمبوونەوەی حوکمی دو زیندانی سیاسی**

سەید سامی حوسێنی و جەمالەدین موحەممەدی کە پێشتر بە سزای لە سێدارەدان حوکم درابوو لە لایەن دادگای پێداچوونەوە حوکمەکەیان بۆ دە ساڵ زیندانی کەم کرایەوە.

**بێبەشکران لە خوێندنی خوێندکاری دەورەی دوکتورای خوێندکارێکی سوننی**

بە پیی هەوالی هرانا "ئەسما چشمە کوبوودی" لە ئەندامانی مەکتەبی قورئان لە سنە بە فەرمانی وەزارەتی ئیتلاعات لە خوێندن بێبەش کراوە.

**ناردنی پەروەندەی سێ زیندانی سیاسی بە سیدارە حوکمدراو بۆ بەشێ جێبەجێکردن**

ئیبراهیم عیساپوور، سمکۆ نەژادی و سامان نەسیم سێ زیندانی سیاسی کە بە تاوانی ئەندامبوون لە پژاک بە سێدارە حوکم دراون پەروەندەکانیان دراوەتە بەشی ئیجرایی ئەحکام و ئەمەش مەترسی لە سێدارەدانیانی زیاد کردوە و بۆتە جیی نیگەرانی. **(هرانا)**

## مانگرتن

**گیراوێکی سیاسی ژن بەناوی مەریەم موقەدەسی خەڵکی شاری نەغەدە کە بەتاوانی خەبات و پرۆپاگاندە دژی رژێم و هاوکاری لەگەڵ پارتێکی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە مانگی بانەمەڕی 1389ی هەتاوی بە ( 9 ) ساڵ زیندانی مەحکوم کرا و ئێستا لەسێهەمین رۆژی مانگرتن لەخواردن دایە.**

بەپێێ راپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی مەریەم موقەدەسی لە ساڵی1389 ی هەتاوی و پاش لەسێدارەدانی گیراوی سیاسی کورد فەرزاد کەمانگەر و چەند کەسێک لە چالاکانی سیاسی کە بووبوونە هۆی نارەزایەتی بەرفراوان لە ئێران و بەتایبەت لە شارە کوردنشینەکاندا، دەستبەسەر و بەو تۆمەتانە کرا مەحکوم دەکرێت.

موقەدەسی گیراوی سیاسی ژن هۆکاری مانگرتنی خۆی بارودۆخی مەترسیداری زیندانی ئەوین و بەتایبەت بەندی ژنانی ئەو زیندانە کە لە لایەن پاک و خاوێنییەوە کاربەدەستانی زیندان هیچ چاودێری ناکەن و هەروەها بەهۆکاری رەنج بردن لەنەخۆشی گورچیلە کە کاربەدەستان هیچ هەوڵێکی چارەسەری بۆ نادەن، راگەیاندووە.

**(18)زیندانی سیاسی کورد لەدژی سزای لە سێدارەدان دەستیان بە مانگرتن کرد.**

زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانیانی قزل حەسار و رەجایی شەهری کەرەج کە ئەو زیندانیانە لەدژی راگواستن و بۆ بەرزکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانی سەپێندراوی

سەریان دەستیان بە مانگرتن گرتوە و تاکو ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە هیچ وەڵامێکیان لەلایەن کاربەدەستانی رژێمەوە پێ نەدراوەتەوە .

(6) کەس لەو زیندانیانە سزای سێدارەیان بەسەر سەپێندراوە و (12) کەسیشیان یان سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە یان تاکو ئێستا لە زیندانی رەجایی شەهری کەرەج دە ستبەسەرن و چارەنوسیان نادیارە .

**مانگرتن لە خواردنی پێنج گیراوی عەرەب**

هاشم شەعبانی نەژاد، هادی راشدی، موحەممەد عەلی عەموری نەژاد، جاب و موختار ئالبەشکە لەگەڵ رەحمان عەساکرە کە بیست سال حوکمدراون دەستیان دا مانگرتن لە خواردن.

**کۆبوونەوەی ناڕەزایی بنەماڵەی چالاکانی کرێکاریی لە بەردەم گرتووخانەی سنە**

بەیانی رۆژی دووشەممە بیست و یەکی رەشەمە 5 ئەندامی کۆمیتەی هەماهەنگی لە بەرامبەر ئیتلاعاتی سنە کۆبوونەوەیان رێکخست. هێزەکانی رژیم ویستیان کە کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن ،بەڵام بە هۆی پێداگری جەماوەرەوە مەجبوور بوون ئیزن بدەن کە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی گیراوان دیدار لەگەڵ یەکێک لە زیندانیەکان ئەنجام بدات.دوای دەستێوەردانی هێزە لیباس شەخسیەکان بڵاوەیانکرد.

بە پێی راپۆرتی ماڵپەری کۆمیتەی هەماهەنگی کە رێکخەری چالاکیەکە بوە عەلی ئازادی پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبوە. هەروەها خالید حوسێنیش گیراوێکی دیکەیە کە بە تەلەفۆن بە بنەماڵەکەی راگەیاندوە کە دادوەر ماوەی یەک مانگی حوکمی دەستبەسەرکردنی کاتی بۆ دەرکردوە و ئێستا لە ژووری تاکەکەسی دایە.

ژنان

**بەهۆی دوورخستنەوەی لە خوێندن؛ لە مەریوان کچە منداڵێک خۆی سوتاند**

کچە منداڵێکی تەمەن (13) ساڵە لە شاری مەریوان بەهۆی دەرخستنیەوە لە خوێندنگا خۆی دە سووتێنێت .

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەستکەوتوون لە شاری مەریوان کچە خوێندکارێکی تەمەن (13) ساڵ بەناوی ( پەریا.ر.ح) ەوە، دوای ئەوەی بەزۆری باوکی زیاتر لە (15) ڕۆژ لە قوتابخانەی ( ڕاهنمای نشاد ) ی شاری مەریوان لە خوێندن دوور دەخرێتەوە. ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ناوچەکە، رایگەیاند کە باوکی کچەکە نەیویستووە لە خوێندنگا بیهێڵێتەوە و دوای دوورخستنەوەی لە خوێندنگا، شەوی 5/6ی ئاداری 2013 ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە ، دەستبەجێ گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی گشتی مەریوان. دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە (پەریا)ی (13) ساڵ هەمان شەو ڕەوانەی نەخۆشخانەی ( تەوحید جیهاد )ی شاری سنەی دەکەن و لە دوای هەوڵێکی زۆری پزیشکانی نەخۆشخانەکە بۆ چارەسەرکردنی برینی سوتانی کچە خوێندکارەکە، بەڵام بە هۆی سەختی سوتانەکەیەوە (پەریا) ژیان لە دەست دەدات و بۆ هەمیشە ماڵئاوای لە ژیان دەکات.

**لەرۆژی 8ی ئادار ژنێک لەشاری مەریوان کوژرا**

مەریوان 09.03.2013

لەحالێکدا ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان و ئێران بەهۆی گوشار و تاسانەوە لەم وولاتەدا ناتوانن ( 8 )ی ئادار رۆژی جیهانی ژنانی رەنجدەر پیرۆز بکەن، سەرەڕای ئەوەش توندوتیژی دژی ژنان و

کوشتنی ژنان بەردەوامە. لەرۆژی جیهانی ژنانی رەنجدەردا لەشارۆچکەی ( سەوڵاوا )ی سەر بە شاری مەریوان کچێک بەدەستی باوکیەوە کوژرا .

بەپێ سەرچاوە هەرێمیەکان لە 8ی ئادار، رۆژی جیهانی ژنانی رەنجدەر هەر جۆرە گردبوونەوەی ژنان بۆ بەرز راگرتن و یاد کردنەوەی ئەو رۆژە لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە قەدەغە راگەیە ندراوە، ئەمەش لەحاڵێکدایە هەواڵی کوشتنی ژنێکی 30 ساڵ بەناوی ( زەعفەران محەمەدی ) کچی ( عەبدوڵڵا ) خەڵکی گوندی ( هەزار خانی ) بڵاو دەکرێتەوە و ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی دیکەی زهنیەتی پیاوسالاری و توند و تیژی و زوڵم و زۆرداری دژی ژنان .

ئەنجومەنی ژنانی مەریوان لە ماڵپەڕەکەیدا بڵاوی کردوەتەوە : " زەعفەران محەمەدی خاوەن 5 منداڵە و بەپێ لێکۆڵینەوەکانی کە لەلایەن چەند کەسی بێ لایەنەوە لەسەر ئەو رووداوە کراوە، زانراوە کە زەعفەران بەهۆی ( کێشەی نامووس ) لەمێردەکەی جیا دەبێتەوە و لەرۆژی 8ی ئاداردا لەلایەن باوکییەوە خنکێندراوە .

شایانی باسە کە یاسای بنەڕەتی ئێران ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کوشتنانەی دژی ژنان و تا ئێستا یاسایەک پەسەند نەکراوە کە پاراستنی مافی ژنان بخاتە گەرەنتییەوە .

**لە شاری مهاباد رووداوی کوشتنی نادیار سەریهەڵداوە و تا ئێستاش هیچ کەس و لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لەمەڕ رووداوەکان رانەگەیاندووە.**

بە گوێرەی هەواڵێک کە لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو کراوەتەوە بەر لە نەورۆز کەسێک بە ناوی هیوا موعروفی لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەکوژرێت، تا ئێستاش تەرمەکەی لە ساردخانەی شاری مهاباد ڕاگیراوە .

هەروەها هاوڵاتییەکی تر لە شاییەکدا لە چوارڕێیانی ئازادیی شاری مهاباد لەلایەن کەسێکەوە بە چەکی کلاشینکۆف کوژرا.

تا ئێستاش نازاندرێت کە ئەو کەسانە بە چ هۆکارێک کوژراون و گوومانەکان لەسەر خۆبەدەستەوەدەرانی ڕژێمیش، رووبان لە زیاد بوونە ، سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی رژێمەوە هیچ تەکبیر و لێپرسینەوەیەکیش لەسەر رووداوەکە نەکراوە.

**پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات لەکەمپی کۆیە بەهۆکارێکی نادیارەوە گیانی لەدەستدا**

بەپێ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو کە نەیوست ناوی ئاشکرا بکرێت رایگەیاند پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی ئەیوب حەسەنزادە لەکەمپی ئەم حزبە لە ئەنجامی هۆکارێکی نادیارەوە گیان لەدەست دەدات .بانگەشەی ئەوەی دەکرێت و بەپێ هەمان سەرچاوە هەندێک کەس رایانگەیاندووە خۆی کوشتووە و هەندێکیش دەڵێن کوژراوە.

شایانی باسە تا ئێستا حیزبی دیموکرات بەفەرمی لەسەر ئەم ڕووداوە هیچ روونکردنەوەیەکیان نەداوە.

ئەیوب حەسەن زادە تەمەن ١٩ ساڵ خەڵکی گوندی چەمەنزار سەربە شاری جوانڕۆ لەپارێزگای کرماشانە و دو ساڵە ئەندامی حیزبی دیموکراتە.

---